پەیمانگەی مێدیتریانە بۆ توێژینەوەی هەرێمایەتی- MIRS
Mediterranean Institute for Regional Studies
www.mirs.co

# چـــــۆن ئـــــەنفـــــال ببـــەیـــنـــە نـــەتـــەوە یـــەکگـــرتـــووەکـــان

بەهرۆز جەعفەر
سەرۆکی ئینستیوتی مێدیتریانە بۆ توێژینەوەی هەرێمایەتی

ئینسیستوتی میدیتریانە بۆ توێژینەوەی هەرێمایەتی
عێراق- ئۆفیسی سلێمانی- گەڕەکی ڕزگاری- بەرانبەر یانەی وەرزشی ئاشتی
ئیمەیڵ: Info@mirs.co یان Bahroz@mirs.co
تەلەفۆن: ٠٠٩٠٥٣٣٨٦٠١٥١٤

# چۆن ئەنفال ببەینە نەتەوە یەکگرتووەکان

**پرۆژەیەك بۆ بە دامەزراوەكردنی لەناوەوەو بە جیهانی كردنی لە دەرەوە، پشت بەستووە بە بەڵگەنامەو ، بڕیارەكانی دادگای باڵای تاوانەكان و ئە نجومەنی نوێنەرانی عێراق لەدوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس.**

## پێشەکییەکی پێویست:
### بۆچی ئەنفال ببەینە نەتەوە یەکگرتووەکان؟.

شارەزایانی بواری مێژوو، لە دەرئە نجامی توێژینەوەکانیاندا گەیشتون بەو بڕوایەی کە: ئەگەر قوربانیدان و کارەساتە دڵتەزێنەکان پێوەرێك بن، بۆئەوەی نەتەوەیەك بەمافەکانی خۆی شادبێت، ئەوا هیچ گەلێك لە پێش کوردانەوە نییە.
ئەگەر فاکتەرە نێوخۆییەکانی لێ دەربکەین کە کورد بۆ نزیکەی (٣٧٥٠) ساڵ ئەبێت دەردی خۆخۆری و دووبەرەکی بەرۆکی بەرنەداوە. لەئاستێکی تریش دا دوژمنەکانی هێندە بێ بەزەیی و بەرژەوەندیخواز بوونە، تەنانەت گوێیان بەهیچ دەلاقەو لایەنێکی مرۆیی و خوێن ڕژاندن و کاولکارییەك نەداوە.
لەچوار پارچەی کوردوستانی داگیرکراو، هەرێمێك (بەشێك)ی تاڕادەیەك سەربەخۆی هەیەو، ئەویش دوای زیاتر لە هەشتا ساڵ ململانێ و جەنگ لەگەڵ حکومەتی مەرکەزیی عێراق و، کەوتنە بەرداشی شەڕی (ئێران-عێراق) و، ئەنفال و گازبارانکردنی، پاشان بەهۆی هەندێ بارودۆخی جیهانی و ناوچەیی دوای جەنگی ساردەوە ساڵی (١٩٩١) گەیشتە جۆرێك لە ئۆتۆنۆمی و خۆبەڕێوەبەریی. جەنگی ناوخۆیی ساڵانی دوای ئۆتۆنۆمی کورد لە باشوری کوردستان و، ڕووخانی سەدام حوسەین سەرۆکی عێراق و سیستەمی بەعسی عروبە، پاشان کرانەوەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوریی زیاتر بەڕووی کورددا و، ئەوجا دەرهێنانی نەوت لە کانەکانی کوردوستان و، زۆربونی گەندەڵی و بێدادی و، ئینجا ململانێی جۆراوجۆری تر، وای کردووە ئەنفال وەك جینۆسایدێکی حاشاهەڵنەگر لە یادەوەریی خودی کورد و ڕای گشتی جیهانیشدا کاڵ بوبێتەوە.
لێرەوە، ئەم نووسینە، ئەرکی ئەوەی گرتۆتە ئەستۆ کە لە شێوەی پرۆژەیەکی ستاندار دا، دۆسیەی ئەنفال وەك کەیسێکی گرنگ هەڵبژێرێت و، بیکات بە بابەتی توێژینەوە، ئەویش بەو ناونیشانەی (چۆن ئەنفال ببەینە نەتەوە یەکگرتووەکان؟). ئاشکراشە کاری نەتەوەیەکگرتوەکان (United Nation) ئەوە نییە کتێب و توێژینەوەی ئێمەو مانان بخوێنێتەوە، بەڵکو وەکو ڕێکخراوێکی جیهانی و نێودەوڵەتی سکاڵاو پێشنیارەکان وەرئەگرێت.
بۆ ئەم مەبەستە سێ فاکتەر یان شێواز لەکارکرد نمان گرتۆتە بەر، تاوەکو پرۆژەکە جێگەی خۆی بگرێت و، لایەنی پەیوەندیدار و دەستەبژێرانی کۆمەڵگەش لێی بنەون و، ئەم خەرمانە بە مەڵۆ و باوەشی پڕ لە زانست و مرۆییانەی خۆیان گەورەتر بکەن:
یەکەمیان: بایەخ دان بەو سکاڵاو پێشنیارو گلەییانەی کە دەنێررێت بۆ نێو ڕای گشتی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و نەتەوە یەکگرتووەکان.
دووەمیان: ئەم باسە بە ژمارەیەکی زۆر لەدۆکومێنت و بەڵگەنامەو وێنەو بڕیاری دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق بەشداری ئەکات، کە سەبارەتن بە ناساندنی ئەنفال وەك جینۆساید و لێکۆڵینەوە لەسەریان کە خۆی لەنزیکەی (٢٠٠٠) دوو هەزار لاپەڕە ئەدات لەبەردەستماندایە، ئەمە جگەلە بڕیارەکانی پەرلەمانی عێراق کە لە (٢٠٠٨/١٠/٩) پێناسەی ئەنفالی بە جینۆساید کردووە.

سێ یەمیان: بەدواداچوون و ڕاوێژکردن لەگەڵ چەند پسپۆڕێك و پەرلەمانی کوردستان و وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان (بۆ ئەوەی پرۆژەکە شەرعیەت وەربگرێت).

ئامانج لەم پرۆژەیەکی وا، پێش هەرشتێك دەرکردنی (ئەنفال) ە لەچوارچێوەی سۆزو گریانەوە بۆ باسێکی سیاسی و یاسایی و نێو دەوڵەتی، وەبەرهێنانی ئاسایش و ڕەفاهیەتە لە هەناوی شکست و تراژیدیاوە، دواجار هەموو جینۆسایدێك تراژیدیایەکی مرۆییە، مرۆڤیش بۆ ئەوە نەکراوە جینۆساید بکرێت، جا بۆ ئەوەی جارێکی تر ئەمە بەسەر کورددا نەیەتەوە، بەلای کەمی پێویستی بەوەیە لەڕووی نێودەوڵەتییەوە گرەنتی بکرێت. هەروەها ئەکرێت ئەنفال ببێتە پرۆژەیەك بۆ بونیادی ناسنامەی نیشتیمانیی و فاکتەری سەربەخۆیی و سەرکەوتن، پرسیاری ئەوەی ئایا کوردستان ئەبێت بە دەوڵەت؟. بەوە دەست پێدەکات، کوردستان بۆچی ببێت بە دەوڵەت؟. خۆ ئەبێت بیانووی مێژوویی و ناسنامەکەی دیاربێت، ئەنفال بەرئە نجامەو هۆکارەکەشی ڕەتکردنەوەی جیاوازیی نەتەوەیی و ناسنامەی نیشتیمانییە لە لایەن حکومەتی بەعسەوە. لەلایەکی ترەوە ئەم پرۆژەیە ختوکەی ئەوە ئەدات بەتەواوی قەرەبوکردنەوەی زیان و کاولکارییەکان بکرێتەوە، بڕیاری قەرەبووکردنەوە (تەعویز) ی ئەنفال لەساڵی (٢٠٠٩) ەوە لە پەرلەمانی عێراق دەرچووە، بەلاّم گرفتێکی زۆر هەیە کە ئەوە وەکو پێویست نییەو جێبەجێ نەکراوە، لەڕووی نێودەوڵەتییەوە وەك چۆن نەتەوەیەکگرتوەکان عێراقی دوای ڕووخانی سەدام حوسەینی ناچارکرد، قەرەبووی کوەیت بکاتەوە کە لەشەڕی کەنداوی دووەمدا زیانیان بەرکەوتووە، سالاّنە لەبودجەی عێراق بڕێك بۆ کوەیت دائەنرێت، ئاوهاش لەبودجەی سالاّنەی عێراق دا قەرەبووی کوردستان بکەنەوە.

ئەم هەوڵە خۆی لە سێ بەش دا ئەبینێتەوە، هەربەشێکیش لە چەند وێستگەیەك پێکهاتووە، بەشی یەکەم، تێگەیشتنە لە ئەنفال وەك پرۆسەیەك، هۆکار و ماناو دەرئە نجامەکانی. بەشی دووەم، دروستکردنی ئیمەیج (وێنە) یە بۆ خوێنەرو لایەنی پەیوەندیدار، بەشی سێهەمیش هەنگاوەکانی بە نێودەوڵەتی کردنیەتی، وە بەرهێنانە لە تراژیدیای ئەنفال دا، لە سۆزو گریانەوە بەچەند ئالیەتێك ئەیکات بە تێزێکی سیاسیی و یاسایی لە شانۆی جیهانی دا. هیوادارم ئەمە کارێکی بچوك بێت و، هەموان دەوڵەمەندی بکەن.

## بەشی یەکەم: ئەنفال: مانا، هۆکار، دەرئە نجامەکانی

## وێستگەی یەکەم:  پرۆسەی ئەنفالکردنی کوردەکان لە عێراق

ئەنفال یەکێکە لە سورەتەکانی قورئانی پیرۆز، بەمانای دەسکەوت و غەنیمەی شەڕ دێت ،حکومەتی بەعس بۆ شەرعیەتدان بەکارەکەی ئەم ناوەی هەڵبژاردو لە بەهاری ساڵی (١٩٨٨) دا کەوتە فڕکردنی میللەتی کورد و لە پایزی هەمان ساڵدا کۆتایی بەشاڵاوەکانی هێنا. ئەم کارەساتە مەینەتبارییە لەلای هەندێ کەس وەك ئەوە وایە چرکەیەکە روویداوە، لەکاتێکدا (٢٨) ساڵە منداڵەکان بێباوك و دایك بوون و دایك و باوکەکانیش جەرگیان سوتاوە، لەم سۆنگەیەوە دەبێت ئەو ڕاستییە بزانین کە زۆر پێشتر ئامادەسازی بۆ ئەنفال کرابوو، پێشتر و لەکۆتایی هەفتاکان و سەرەتای ساڵی هەشتاکاندا بەهەزاران کوردی فەیلی لە بەغداو شوێنەکانی تر گیران و ڕاگوێزران، لە ساڵی (١٩٨٣) دا هەشت هەزار بارزانی کە لەناویاندا دوو براو چەندین ئامۆزاو کەس و کاری (مەسعود بارزانی) سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان هەبوون، دواتریش ئەمانە لە بیابانی "لیە" لەسنوری سعودیە خرانە ژێر گڵەوە، بەشێکی زۆر لە سەرکردایەتی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان کەدواتر بوون بە یەکێتی نیشتمانی کوردستان کوژران و لە دار دران.
لەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسەوە (١٨) تەن بەڵگەنامە دەستی بەرپرسانی کورد کەوتوون، هەموو ئەمانەش تەسلیمی ڕێکخراوی چاودێریی مافی مرۆڤ کراون.
دیارە ئامادەسازی بۆ ئەنفال لەهەناویدا کارەساتی گەورەی هەڵگرتبوو، لەوانە کیمیابارانکردنی هەڵەبجەی شەهید، کە ئەمڕۆ ئەو شارە لە گەڵ هیرۆ شیمادا ناوی دێت و بوونەتە دەستە خوشك لەگۆی زەویدا، لە کوردستاندا بەسەدان شیعرو شاعیری کورد ناوی هەڵەبجە و هیرۆشیمایان پێکەوە کۆکردۆتەوە.
وەك پێداویستەك بۆ تەواوکاریی نووسینەکە، بە کورتی قۆناغەکانی ئەنفال کردنی کورد لە عێراق لەلایەن حکومەتی بەعسەوە پۆلێن ئەکەین:

**ئەنفالی یەکەم:** دۆڵی جافایەتی و "سەرگەڵو بەرگەڵو" کە ئەودەم ناوەندی دەسەلاتی یەکێتی لەوێ بوو،ئەم قۆناغە لە (١٩ی شوباتی ١٩٨٨) دەستی پێکرد،لەم پەلامارەدا جگە لە سوپای بێشوماری بەعس،تانك و فرۆکەو هێلی کۆپتەر بەکار هات و تا (١٩ی مارتی ١٩٨٨) ی خایاند.
**ئەنفالی دووەم:** ئەم قۆناغە ناوچەی قەرەداغ و سەنگاوی گرتەوە،لە (٢٢ی مارتی ١٩٨٨ بۆ ١ی نیسانی ١٩٨٨) بەردەوام بوو،لەم قۆناغەدا جگەلە ئەنفالکردنی دەیان بەکارهات،بەتایبەت کە پێشتر لەسێوسێنان کە گوندێکە دەکەوێتە سنوری قەرەداغەوە کیمیایی بەکارهێنابوو.
**ئەنفالی سێیەم:** ئەم قۆناغە لە (٧ ی نیسان ١٩٨٨ تا وەکو ٢٠ ی نیسان) ی خایاند،زۆربەی ناوچەکانی گەرمیان و دەوروبەری کەرکوك،ناوچەی قادرکەرەم و دوز وداوێ و جەباری و زەنگەنە و کفری و قەرەتەپە......هتد.ئەم قۆناغە بەناوبانگترین و ترسناکترین قۆناغی ئەنفالە، زۆرترین زیان لەم قۆناغەدا بووە، زۆرترین هاولاتی بەرەو گۆڕەبەکۆمەڵەکان ڕاپێچ کران دواتر لەگۆڕەبەکۆمەڵەکانی "زەبی"

شەنافیە، ،حەیدەرییە، ،سەماوە، ،لە باشوری عێراق شوێنەواریان دۆزرایەوە. .ئەم ناوچانە سنوری جوگرافیان نزیك بوو لەحکومەتی بەعسەوە.

**ئەنفالی چوارەم:** ئەم قۆناغە چەند ڕۆژێکی کەمی خایاند،لە (٣-٨ ی مارسی ١٩٨٨) ی خایاند.سەدان گوندی ناوچەکانی شوان و شێخ بزێنی و تەقتەق و دەشتی کۆیەی گرتەوە.لە چەند ناوچەیەکیش بەتایبەتی لە قەلاسێوکەو گوندەکانی عەسکەرو گوپتە پە، چەکی کێمیاوی بەکارهات وسەدان هاولاتی شەهید بوون.

**ئەنفالی پێنجەم و شەشەم و حەوتەم:** ئەم سێ قۆناغە بەسەریەکەوە لە (١٥ ی مایس-٢٦ ی ئابی ١٩٨٨) ی خایاند و دۆلی سماقۆلی و خەلیفان و حەوزی سۆران و سنوری عێراق- ئێران و بالیسان و شەقلاوەی گرتەوە،لەم قۆناغەشدا لەچەند شوێنێك کیمیاوی بەکارهات بەتایبەتی لەبالیسان.

**ئەنفالی هەشتەم:** لە (٥ی ئاب-٥ی ئەیلول) ی خایاند.تەواوی بادینان و سنوری پارێزگای دهۆك و موسڵیشی گرتەوە.

## وێستگەی دووەم: ئەنفال وەك بەشێك لە جوگرافیای بیرکردنەوە

ئێمە بۆ ڕام کردنی (ئەنفال) وەك خۆی و، گەیاندنی بۆ ناو ناوەندەکانی بیرکردنەوەو، ڕای گشتی جیهانی، کەرەستەیەکی ترمان لە بەردەستدا نییە، جگە لە ڕزگاربووەکانی شالاّوەکەو، بۆچونی نوخبەی کوردیی و، خوێندنەوەی ووردی ئەو بەڵگەنامانەی دوای ڕووخانی بەعس بەر دەست کەوتوون. تا ئەم پرسە هەر لە چوارچێوەی یادەوەرییەکی لاوازدا نەبێت، کە بیر بچێتەوە.

بۆ تێگەیشتن لە ئەنفال تەنها یەك ڕێگامان لەبەردەمدایە، ئەویش تێگەیشتنە لە ئەدەبیاتی (بەعس). ڕۆماننوسی کورد "بەختیار عەلی" ئەڵێت: " گێڕانەوەی ئۆتۆماتیکی ئەنفال بۆ ئایین و فیکری دینی، نەوەکو خۆ دزینەوەیە لە خوێندنەوەی بەعس، بەڵکو گواستنەوەی گوناهەکانی بەعسە بۆ مل ئایین، کە من پێم وایە لەجەوهەردا ئایین خۆی یەکێکە لە قوربانییەکانی بەعسە".

نوسەرو ڕوناکبیر (عەبدولرەحمان سدیق) لە پێشەکی بابەتێکی دا بۆ گۆڤاری مانەوە -٢٠٠٩ ، کەساڵانە لەیادی ئەنفالدا دەردەچێت لای وایە: لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقی عەرەبیداو، بەزۆر لکاندنی ویلایەتی موسڵ بەو دەوڵەتەوە، حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق لەمە بەدواوە بەچاوی کەمینەیەکی ترسناکەوە لە کوردیان ڕوانیوە، بۆیەش لە پێناو لاوازکردن و کۆنترۆلکردن و، دواجاریش قڕکردنیدا، خۆیان لە هیچ شێوازێکی نا یاسایی و نامرۆڤانە، نە پاراستووە.

سەردەمێك بەنکۆڵیکردن لەمافە رۆشنبیرییەکانی، سەردەمێکیش بەگۆڕینی ناوی شارو گوندەکانی، سەردەمێکی دیش بە بەعەرەبکردن و جارێکیش بەڕاگوێزان، جارێکی تریش بەسوتماککردنی خاکی و ،دواجاریش بەناپاڵم و کیمیا پیاکردنی.

کەواتە، سەرەڕای ئازارو تەگەرەکان، ئێستاش کەسانێك ماون لەناوخۆی عێراق و دەرەوەدا باوەڕ بە قسەو گێڕانەوانەکان نەهێنن.!. بۆیە لەسەرووی ئەمەوە ئەبێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی باش بزانێت کە "سایکس بیکۆ" و " لۆزان" چ کارەساتێکیان بەسەرئەم کورددا هێناوە. کوردقڕان پێی وتین کە پێکەوە لکانی گەلان و تێکەڵکردنی خاك و نیشتمانەکان، هەنگاوێکی کارەساتهێنە، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەو ڕێگایەیان لە پێشدایە کە مافی پێکەوە ژیانی ئارەزوو مەندانەو،مافی بڕیاری چارەی خۆنووسین بۆ کورد بەڕەوا ببینن.

بۆیە کوردقڕان کارەساتێك بوو پێی وتین: هەتا (زمان؟) ێك هەبێت بڵێت (ولاصلبنكم اجمعين).هەتا (زمان) ێك لە ئارادا بێت،تاکێك تیایدا بڵێت: (سنقتل ابناءهم ونستحي نساءهم وانا فوقهم قاهرون).

هەتا (زەمینە ساز بێت بۆ ئەو دەسەلاّتەی کە دەڵێت (انا ربكم الاعلى).ئەوا بەکۆمەڵکوژی و گەل قڕان ناچێتەدواوەو،هەر پێشەوەی ئەوێت!!.

## وێستگەی سێهەم: مەترسییەکانی ئەنفال بۆسەر نەتەوەیەك

گومان لەوەدا نییە ئەنفال بەهەموو مانایەك شكاندنی كەرامەتی نەتەوەیەكە، هەر ئەمەشە هانمان ئەدات ختوكەی كۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی بدەین و، لەم تراژیدیایە ئاگاداریان بكەینەوە، كە گەلێكی بەشخوراو لەمەڕ داواكردنی مافەكانی وای لیٚ بەسەردێت. بە پێی ئامارێكی وەزارەتی كاروباری شەهیدان و ئەنفالكراوەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان ئێستا ( ٣٠٠ ) سیٚ سەت گۆڕی بەكۆمەڵ لەعێراقدا هەن، كە لە ( ٨٠٪ ) یان كوردن و ( ٢٠٪ ) یان عەرەبی شیعەن، كە بێگومان ڕژێمی بەعس وای پێكردوون، هەر بۆنمونە لەدوای هێرشی ئەنفالەكان كاتێك هاوڵاتی ( عاصی مستەفا ئەحمەد ) نوسراوێك ئەنێرێت بۆ سەرۆكی عێراق سەدام حوسەین تاكو چارەنووسی خێزانەكەی و منداڵەكانی بزانێت، دیوانی سەرۆكایەتی كۆماری عێراق لە ( ١٩٩٠/١٠/٢٩ ) دا وەڵامی ئەداتەوە كە خێزانەكەی و منداڵەكانی لەكاتی هێرشەكانی ئەنفالەكاندا لە ساڵی ( ١٩٨٨ ) وونبوونە.



"عاسی مستەفا"

لەم بارەیەشەوە ( عومەر محەمەد قادر ) كە گۆڤارێكیشیان هەیە بەناوی "ئەنفالستان" و بەرێوەبەری "ناوەندی چاك" ە لەكوردستان، لەنوسینێكیدا بۆئێمە دەڵێت: ئەو"عاصی مستەفا" سەعات ٦ ی سەر لەبانی هەمان بەرواری یەكتر بینیمان ١٩٩٠/٨/٢٥ لەدوای هەشت ساڵی دیلێتی گەیشتبووەوە نیشتمان، ئەو بەروارەی من و ئەو یەكمان تێدا ناسی هەمان ئەو بەروارەیە كە تیایدا ئازادبووە، بەڵام ئازادی چی و نیشتمانی چی ؟ ئەوكاتێك گەیشتەوە نیشتمان، بەسەر هەواری خاڵیدا گەڕایەوە بۆ كوردستان، نەگوند مابوو، نەماڵ و نە ژن و منداڵ هەموویان پێكەوە ببونە ئامانجی ئەو سوپایەی درۆی لەگەڵ نیشتمان كردوو هاونیشتمانیانی خۆی ئەنفالكرد، عاصی مستەفا یەكێك بوو لەو حیكایەتە زۆر ترسناك و سەرنجراكێشانەی میدیاكانی جیهان، ئەو پیاوە سەربازێكی یەدەگی سوپای عێراق بوو، لەبەرەكانی جەنگی عێراق ئێراندا بەدیلی كەوتبووە بەردەستی ئێرانیەكان، لەهەمان كاتدا بووە باشترین بەڵگەی بەدرۆخستنەوەی صدام حسێن كە بە سەرۆكی سەركەوتن و ئاشتی ناو زەد دەكرا، ئەو سەرۆكەی دەیگوت: ( من یقاتل بالشرف یستحق المجد )

واتە ئەو ئەو جەنگاوەرەی بە شەرەفەوە دەجەنگێ شایستەی سەروەریە ) کەچی عاصی مستەفا خۆی لەبەرەکانی جەنگی قادسیەدا، گیراو ماڵو منداڵەکەشی لەئەنفالدا گیرانو بێسەروشوێنکران. ئێستاشی لەگەڵ بێت ڕۆیشتنو نەبینرانەوە، نەخۆیانو نەتەرمەکانیان نەهاتوونەتەوە بۆ نیشتمان.

(وێنەیەك لە نامەی عاسی موستەفا بۆ حکومەتی بەعس، کە داوای چارەنوسی منالەکانی ئەکات)

بسم الله الرحمن الرحيم

السيد / رئيس الجمهورية المهيب الركن صدام حسين حفظه الله المحترم

احييكم تحية الرفاق المناضلين واقدم لكم نفسي باني احد المواطنين المخلصين .

اناشدكم باسم عدالة البعثيين في نداء حاجتي التي اقلقت مضجعي ولهذا نحتار فذهبت امالي ولما لم اجد سواكم ملجئا عرضت عليكم مشكلتي هذه عذها تحظى باهتمامكم .

سيدي :-

اني الموقع ادناه ( عاصي مصطفى احمد ) العائد من الاسر في ٢٩/ ٨/ ١٩٩٠ جندي احتياط من مواليد ١٩٥٥ ساهمت في معركة قادسية صدام المجيدة في قاطع الشوش فوقعت في الاسر في ٢٧/ ٢/ ١٩٨٢ وبقيت في الاسر الى يوم صدور القرار بتبادل الاسرى فرجعت الى ارض الوطن فقبلت ترابها الزعفران الذهبي وركعت امام صورة السيد القائد المظفر صدام حسين .

وكان في قلبي الشوق القوي للوصول الى اسرتي ويفرحون بلقائي بافرح بلقائهم في درجة غامرة لا توصف .

الا انه يا سيدي فقد وجدت الدار خاوية على عروشها فلا وجدت زوجتي ولا اولادي فيها للكارثة ويا للشؤم فقد اخبروني بان الاسرة كافة وقعت في يد قوات الانفال .

ولا اعلم عن مصيرهم شيئا .

عليه جئتكم بعريضتي هذه راجيا التفضل بالعطف علي واعلامي عن مصيرهم وفقكم الله وحفظكم ولكم الشكر والاحترام .

المستدعي

العائد من الاسر / يلاسكن بلاماوي في السليمانية

الجندي الاحتياط

عاصي مصطفى احمد

١٩٩٠/١٠/٤ .

**وەڵامی سەرۆکایەتی کۆماری عێراق، بە مەرسومی کۆماریی بۆ عاسی مستەفا ).**

بسم الله الرحمن الرحيم

الجمهورية العراقية
ديوان الرئاسة

السيد عاصي مصطفى احمد
محافظة السليمانية / قضاء جمجمال
محلة /بينس / مسجد حجي ابراهيم

العدد / ش.ع / ب / ٤ /٦٥/ ١٦٥٦٥
التاريخ / ٦ / ربيع الثاني /١٤١١ هـ
٢٩ / ١٠ / ١٩٩٠م

طلبك في ٤ / ١٠/ ١٩٩٠م
أن زوجتك واولادك فقدوا أثناء عمليات الانفال
التي جرت في المنطقة الشمالية عام ١٩٨٨ .
مع التقدير .

سعدون علوان مصلح
ع/رئيس ديوان الرئاسة

بۆیە، بەڕێوەبەری ناوەندی چاك، کەکارەکانیان تایبە تمەندە بەدۆسیەی ئەنفال و جینۆساید، لەمیانەی قسەکردنی بۆ پرۆژەی بەنێودەوڵەتی کردنی کەیسی ئەنفال، بەردەوام بو، گوتی: پەیامی ئێمە نامەیەکی ئاشتییانەیە،ئەگەر کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە کاتی خۆیدا لەم تاوانە گەورەیە بێدەنگ بووە، بە هەمان شێوە بەعسیش سنورەکان و، ڕاگەیاندنەکانی لەسەر داخستبووین،ئێستا ئەبێت هەموو لایەك قەرەبووی ئەم کارەساتە جەرگ بڕە بکەنەوە، چونکە ڕاستە کۆمەڵکوژیەکە دەرهەق بەکورد کراوە، بەڵام ئابڕووی مرۆڤایەتیشی تێیدا لەکەدار کراوە، تەنانەت تاکو ئێستا پە یماننامەکانی نێودەوڵەتی وەکو پە یماننامەی ساڵی ( ١٩٢٥ ) ی جنێف بۆ قەدەغەکردنی چەکی کیمیایی، وە پە یماننامەی ساڵی ( ١٩٤٨ ) بۆ قەدەغەکردنی تاوانی جینۆساید عەییدار بوو، وەنەك جارێك بەڵکو چەند جارێك کورد بەر پەلاماری جینۆساید کەوت و بەسەریدا جێبەجێ کراوە،لەکاتێکدا ئەم پە یماننامانە لەگۆڕێ بوو.

لە چوارچێوەی مەترسیەکانی ئەنفالدا بۆ سەر نەتەوەیەکی ئەم گۆی زەویە، ئەکرێت دەریایەك ببێتە مەرەکەب و هێشتا تاوان و کردە قێزەونەکانی بەعس، هێشتا زیان و کاولکاری و لێکەوتەکانی ئەنفال نەهێتە تەواوبوون. هەر بۆنمونە لە کارەساتی ئەنفالدا هەزاران خێزانی کورد بەتەواوی هەڵوەشایەوە، پەیوەندی و مانا کۆمەڵایەتیەکان بەتەواوی تێکچوون، ژنەکانی کورد بێ هاوسەر مانەوە، کە ئەمە بۆ کۆمەڵگەیەکی داخراوی وەك کورد گرفتێکی گەورەی خوڵقاندووە، هەزاران منداڵ بێباوك و دایك بوون، باری دەروونی هەموو لایەك تێکچوو، دیاردەکانی لادان و هەژاری و نەدارایی پەرەی سەند. "لەتیف فاتیح فەرەج" کە خاوەنی چەند کتێبێکە سەبارەت بەئەنفال ئەنوسێت: لەو پرۆسەیەدا گوند هەبوو بەتەواوەتی دانیشتوانەکەی ئەنفال کرا، بۆنمونە گوندی جەلەمۆرد لەسنوری پارێزگای کەرکوك ( ٣٧٨ ) کەسی لێ ئەنفال کرا، گۆپتەپە ( ٣٣٤ ) کەس، فەقێ مستەفا ( ٢٠٠ ) کەس. بە پێی هەندێ ئامار کە لەبەردەستدان تەنها لەسنوری پارێزگای کەرکوك ( ٦٠٠٧١ ) شەست هەزارو حەفتاو یەك کەس بەتەواوەتی لەناودران. ئەمە جگە لە سنوری پارێزگای هەولێرو سلێمانی و موسڵ و دهۆك.

ئەم کارەساتە، کوردستانی ڕووبەڕووی قەیرانێکی گەورەی ئابوریی و دەروونی و کۆمەڵایەتی کردەوە. تا ئەمڕۆ شوێنەواری بەجەستەی کۆمەڵگەی کوردیەوە دیارە. کە ژێرخان و سەرخانی پێکەوە تووشی داڕمان کرد، کشتوکاڵ و ئاژەڵداری نەهێشت. چونکە حکومەتی بەعس بەرانبەر کوردەکان دەستی لەهیچ شتێك نەپاراست، ئەوەتا " عەلی حەسەن مەجید" ئامۆزای سەدام و ناسراو بە عەلی کیمیاویی، کە بەرپرسی پرۆسەی ئەنفال و لەناودانی کوردەکان بوو،لە کاسێتێکی دەنگیدا کە ئەوسەردەمە کەوتە دەستی کورد ئەڵێت: "هەموویان دەکوژم،لەناویان دەدەم، دەیانکەمە ژێر خۆڵەوە، بەشۆفڵ دایان دەپۆشم". هەرواشی کرد.

دیارە لە درێژەی ئەم ماوەیەدا زیانێکی گەورەی گیانی و ماڵی لەکورد درا، بۆنمونە بە پێی ئەو ئامارانەی لەبەردەستدان تەنها لەناوچەی کەرکوکدا:

( ٥٧٠ ) هەزار تەن دانەوێڵە سوتێنران، ( ٤٥٧٧٧ ) هەزار خێزان ئاوارەو بەندو بێ سەروشوێن کران، ( ٣٩١٧٨ ) خانوو، ( ٣٨١ ) قوتابخانە، ( ٦٥٧ ) مزگەوت، ( ٩ ) نەخۆشخانە وێرانکران، ( ٧٨١ ) گوند سوتێنران، ( ٤٧٢٧٧٠ ) سەر مەڕو ماڵات و، ( ١٥ ) هەزار ڕەشەوڵاخ تالآکران، ( ١٤٣٥ ) ڕەزو باخ خاپورکران، ( ٥٢ ) عەماراوو ماتۆڕی ئاو و ( ٤٧ ) مەکینەی ئاش و ( ٣١٥ ) ئەستێل تەقێنرانەوە، ( ١٥٧ ) تەکیەو خانەقاو مەرقەد و شوێنەواری ئایینی وێرانکران. زیاتر لە ( ١٠٠ ) هەزار کەس ڕوویانکردە ئێران و، دەیان هەزاریش پەنایان بۆ تورکیا برد.

ناوەندە سەرژمێریەکانی تری ئەنفال لەکوردستاندا ژمارەی ئەنفالکراوەکان بە ( ١٨٢ ) هەزار کەس باسدەکەن، بەلآم لیوا ڕوکن ( وەفیق سامەڕایی ) سەرۆکی ئەوکاتەی ئیستخباراتی سەربازیی ڕژێمی بەعس، ژمارەیان بە ( ٢٠٠ ) هەزار کەس زیاتر باس دەکات، و ئەڵێت: ( کورد لایوایە ژمارەیان ١٨٢ هەزارە، ئەمە هەڵەیەو ژمارەیان پتر لە ٢٠٠ هەزار کەسە بەلآم چارەنووسیان لێڵەو ئەنجامیان نازانم..؟ ).

بە پێی ئەو ئامارانەشی کە لەبەردەستدان وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی هەرێمی کوردستان ئاماژەی بەوە کردووە کە تائێستا ( ٣٠٠ ) گۆڕی بەکۆمەڵ لە عێراقدا هەن، کە ( ٨٠٪ ) یان کوردن و ( ٢٠٪ ) یشیان عەرەبی شیعەن، لەڕۆژی ( ٢٠١١/٤/١٥ ) شدا گەورەترین گۆڕی بەکۆمەڵ لە پارێزگای ئەنبار دۆزرایەوە،کە ڕووفاتی ( ٨٢٢ ) کەس لەو گۆڕەبەکۆمەڵەدا دۆزراوەتەوە، "بەلآم کەسە تەکنیکیەکان پێشبینی ئەوە دەکەن ژمارەی ڕووفاتەکان بگاتە ( ٩٠٠ ) تەرم. باسیش لەوە کراوە کە ژمارەیەك لەتەرمەکان جل و بەرگی کوردیان لەبەردایەو هەندێکیش بەرگی ئاساییان لەبەردایە. وە ژمارەیەکیشیان شوێنەواری ئەوەیان پێوە دیارە کە گوللە نراوە بەسەریانەوە.

## بەشی دووەم: شایە تحاڵەکان و کۆمەڵکوژیی گەلی کورد

### وێستگەی یەکەم: ئەرشیف کردنی جینۆسایدی گەلی کورد

پرۆژەی ئەرشیف کردنی جینۆسایدی گەلی کورد، لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراق ( ٢٠٠٣ ) ەوە، وەزارەتی کاروباری شەهیدان و نفالکراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان پرۆسەیەکی بۆ ئەرشیف کردنی دۆسیەی ئەنفال ئە نجام دا. ئەوەی جێی سەرنجە بە پێی ئەم ڕوومالکردنە ( ٪٦٥،١ ) کەس و کاری ئەنفالکراوەکان نەخۆشی یان هەیە؟. واقیع شاهیدە کە لەتاو کەسەنزیك و جگەرگۆشەکانیاندا بەشێکی کەس و کاری زیندە بەچاڵکراوەکان، دوای ئەم کارەساتە لە خەم و نەهامەتیدا تووشی لێدانی جەڵدەو نەخۆشی کتوپڕ بوون و مردن، بە پێی ئەم پرۆژەیە کە وەزارەت وەك خۆیان ئەڵێن خستنە ڕووی زۆرترین و ووردترین زانیارییە سەبارەت بەجینوسایدی گەلی کورد. کە دواتر لە دووتوێی کتێبێکدا وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوەکان بەناوی پرۆژەی ئەرشیفکردنی جینۆسایدی گەلی کورد زنجیرە-٤، چاپکراوە. تیایدا هاتووە دەربارەی خزمەتگوزارییەکان ( ٪٤٠ ) ی کەس و کاری ئەنفالکراوەکان کێشەی ئاوی خواردنەوەیان هەیە و ( ٪٤١ ) یان گرفتی ڕێگاوبان و ( ٪٣٥ ) یان کێشەی خوێندنیان لەبەردەمدایە، ئەم ئامارە دەریخستووە لە ئاستی ژیاندا ( ٪٣٥،٨١ ) کێشەی خزمەتگوزاری تەندروستیان هەیە، ( ٪٩١،٢٥ ) ی ئەو مالأنە خانووەکانیان لە قوڕو دار دروستکراوە، ( ٪٧،٢٠ ) خانوەکانیان سەبە، ئەم ڕوومالەی حکومەتی هەرێم لەساڵی ( ٢٠١٠ ) دا ئە نجامدراوە، ئەگەرچی حکومەتی هەرێم بەمدواییە لەناوچەکانی گەرمیان و چەمچەماڵ زیاتر لە دە هەزار خانووی بۆ کەس و کاری ئەنفالکراوەکان دروستکردووە. بەلأم پێدەچێت گرفتەکان ڕوویان لە زیادبون کردبێت.

جگەلەمەش زۆرترین ڕێژەی کەس و کاری ئەنفالکراوەکانیش کاسبکارن، کە دەکاتە ( ٪٩،٢٧ ) ڕێژەی بەرزیان ئافرەتی ماڵەوەن، وە ڕێژەی ( ٪٦٥،١ ) ی کەس و کاری ئەنفالەکان نەخۆشیان هەیە، هەروەها دەریخستووە زۆرترین ڕێژەی قوربانیانی ئەنفال سەڵت بوون، کە دەکاتە( ٪١٧،٥٦ ).. زۆرترین ڕێژەی قوربانیان لە سنوری پارێزگای سلێمانییە، کە ڕێژەیان دەکاتە ( ٪٤١،٣٤ ). پارێزگای هەولێریش بە پلەی دووەم دێت و لەڕووی ژمارەی قوربانیانی ئەنفالەوە دەکاتە ( ٪٥٢،٢٤ )، پارێزگای کەرکوکیش ڕێژەی قوربانیەکانی دەگاتە ( ٪٢١،٢٣ ) لە پارێزگای دهۆکیش نزیکەی ( ٪١٨ ) ی بەرکەوتووە، وە دەریش کەوتووە بەگشتی ڕەگەزی نێر بووەتە قوربانی لە هەموو پارێزگاکاندا.

## وێستگەی دووەم: نیشاندانی وێنەکان بە جیهانی دەرەوە

ئەنفال وەك پرۆژەیەك، جگە لەوەی پێویستی بە تیۆریزەکردن هەیە، بۆ ئەوەی میتۆدێکی لەناو ئاکادیمیاو ئینستیوتە بەناوبانگەکاندا بۆ دروست بکرێت، پێویستە لە ئاستی مەیدانیشدا توێژەر وێنەی تراژیدیاکان ببینێت و، دیدارو چاوپێکەوتن بکات، دۆخی ژیان و بەسەرهاتەکان (ئەوەی بگونجێت) وەك خۆی تۆمار و دۆکیۆمێنت بکات، لێرەدا یادەوەریی قوربانیەکان زۆرن، کە ئەم پرۆژەیە لەساڵی (٢٠١١) دوە ئەوەندەی توانیویەتی قەناعەت بە ڕێکخراوە جیهانییەکان بکات و، سەرنج یان ڕابکێشێت، ئیشی لەسەر کردووە:

### وێنەی یەکەم: پورە فەهیمەو قازە مێینەکان

"لە کتێبی " ئەو نامانەی بەفرمێسك نوسراون" دەقێکمان دەرهێناوە و هەمان دەق لە بەرگی گۆڤاری مانەوەدا نوسراوە ئەلێت: کەس بەقەدەد من نازانێت بێنازی باوك چۆنە...من (ئامینە حاجی سەعید) م لە ناحیەی (قادرکەرەم) لەدایك بووم، ئەو کاتەی باوکم ئەنفال کرا تەمەنم دوو ساڵان بوو، تا ئێستاش بینینی باوکم و یارییەکانم دێتەوە یاد، زوو زوو باوکم بەمنی دەووت (پشەگیان)، بۆیە ئێستاش پشیلە ببینم پڕ قوڕگم گریان ئەبێت و چاوم فرمێسك ئەڕێژێت. کەس بەقەدەر من نازانێت بێنازی باوك چەند ناخۆشە، ئەگەر باوکت نەبێت وەك ئەوە وایە ژیانت نەبێت. تکایە فریامان بکەون، ئەمە حاڵ نییە ئێمەی تیا ئەژین" .

- یادەوەری (پورە سەبری) کە منداڵەکانی هەموو ئەنفالن و، بەتەنها ئەژی، ڕێکخراوێکی خێرخوازی چووبونە گوندەکەیان جل و بەرگیان دابەش کردبوو، ئەویش لەگەڕانەوەیدا دەچێتە سەر ڕێگەیان و جنێویان پێئەدات کە بۆ جل و بەرگیان بەمنداڵەکانی ئەو نەداوە، بەلاّم کە تیمەکە تەماشای لیستەکەیان کردبوو، هیچ مناڵێکی ئەم ژنەی تیانییە!!. لەکاتێکدا لە خەیاڵی پورە سەبری دا و لەگەڵ ژیانی ڕۆژانەی خۆیدا لەگەڵ مراویەك و پشیلەیەکدایە،ئەمانەی کردبوو بەمناڵەکانی خۆی، دواجار تیمەکە دوو قات جلیان دابوویە، ئەویش زۆر بە پەرۆشەوە لێیانی وەرگرتبوو،وەکو ئەوەی کە بۆ مناڵەکانی وەریگرێت.

- یادەوەری (پورە فەهیمە) کە لەگوندی "کۆرو مۆر" ی سەربە ناحیەی قادرکەرەم دەژی، هەموو ڕۆژێك لەدەوری قازەکانی دەگەڕێت، قازە نێرەکانی بەناوی کوڕەکانیەوە ناوناوە، وە قازە مێ یەکانی بەناوی کچەکانیەوە ناوناوە....ئەو کچ و کوڕەکانی ڕۆیشتوون و نایەنەوە... بۆیە ئێستا بەڕێگەی مازراو کانییەوە هەموو ڕۆژێك جارێك

کچەکانی ( قازە مێیەکان ) دەباتە کانی و بەهەمان ڕێگادا ئەیانهێنێتەوە، ئەیانبا بۆ ئەو شوێنانەی کە لەکاتی خۆیدا کوڕەکانی لەوێ کاریان کردووە.

- یادەوەری ( پورە حەبیبە ) کە بە تاقی تەنها لە "گۆبتە پە" ئەژی، ئەگەرچی کەس و کاری زۆر داوای لێئەکەن بیبەنە لای خۆیان ،نایەتەوە، تەنها بەدیار پێیەکانی ئەو پشیلانەوە دانیشتووە، کە کاتی خۆی بەسەر کۆنکرێتەکەدا ڕایانکردووەو کچەکانی بەدوایدا ڕۆیشتوون و ڕاویان ناوە.

## وێنەی دووەم: دایکم و باوکم و سێ برام ئەنفالن!

من ناوم ( عەلی عەبدوڵا وەلی ) ە، شوێنی نیشتەجێ بونم ئێستا قەزای دووزە، سەر بە پارێزگای تکریت، لە گوندی گەرمك ساڵی ( ١٩٨٧ ) لەدایکبومە، بزەبت ڕۆژو مانگی لەدایکبونم وەك خۆی دیار نییە، چونکە هاتنە دنیای من ساڵێکی نەبردە سەر دایکم و باوکم و ( ٣ ) برام ئەنفال کرا لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە. تەمەنم یەك ساڵ شتێ کەمتر بووە کە ئەوان لەناودراون و من لەلای دایەگەورەو باوە گەورەمەوە وەخاوەن کراوم، لەیەك ساڵیەوە دایکم و ئەوانم نەدیوە لەوەش ئەچێت نەیانبینمەوە...( پاش کەمێك وەستان. ) نەخێر هەر نایانبینمەوە. من ئێستا خوێندکارم لەبەر هەژاری و بێکەسی لەخوێندن دواکەوتووم، دەرچووی سێیەمی ناوەندیم، لەبەرئەوەشی حکومەتی بەعس هەتا پرۆسەی ئازادی عێراق ( ٢٠٠٣ ) لەم ناوچەیەی ئێمە بوو هیچ مافێکی ئێمەی نەئەدا. دوای ڕووخانی بەعس،حکومەتی هەرێمی کوردستان خزمەتی ئێمەی کردووە، مووچەمان هەیە و ئەرزەی بۆ دابین کردووین. بەڵام من هاوسەرگیریم نەکردووە، چونکە جارێك نەبوونین و خانووشم نییە، داواکارم ئەنفال بکرێتە بەوانەیەك بۆ گەلی کوردو گەلانی دونیا تابزانین ستەم چەند ناخۆشە، چەوساندنەوە ئازارێکی گەورەو شوێنێکی زۆری لە مێژووی کوردا هەیە،تکام وایە ئەنفال بکرێتە مەنهەج و لە خوێندنگاکاندا بخوێنرێت،بۆئەوەی نەوەکانی کەدوای ئێمە دێن بزانن ئەم کارەساتە بەدناوە چییە، ئەبێت ئەنفال بکرێتە تاوانێکی وەها تا لە ئاستی نێو دەوڵەتی و نەتەوەیەکگرتووەکاندا بە "جینۆساید " بناسرێت، هەروەك ئەم ساڵ دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق بەرەسمی ئەنفالی بەجینۆساید ناساندووە. وە من داواکارم لەهەموو ئەوانەی گوێیان لەدەنگم هەیەو دەنگم ئەگەیەنن کە گۆڕە بەکۆمەڵەکان بەتایبەتی ئەو گۆڕە بەکۆمەڵانەی کە لە حەمرینن هەمووی کەس و کاری ئێمەی تیایە بیگەڕێننەوە بۆ وڵات و نیشتمان و شارەکەی خۆمان شوێنیشمان بۆیان ئامادەکردووە. ئەبێت ئیتر ئەنفال لەلایەن نەوەی نوێوە بەرز ڕابگیرێ،هەرچەند کارەساتەکە زۆر کۆن نییە، هێشتا و هێشتا ئاسەوارەکانی لەڕووی کۆمەڵایەتی و دەروونی جەستەییەوە زۆر بە بەدەنی ئێمەوە دیارە. ئەبێت هەموومان گردبینەوە تاوەکو بڵێین چی بکەین بۆ ئەنفال...؟..ئەنفال ئەبێت نیشانە بێت بۆ دوژمن کە ئێمە قەد لەناوناچین ئەبێت مافی خۆمان وەربگرین.

## وێنەی سێ یەم: باوکم و سێ براو خوشکێکم ئەنفالەو نەنکیشم لەداخا دڵی تەقی!

من ناوم (سعود مستەفا مەحمودئەحمەد) ە، ساڵی (١٩٧٧) لە شارۆچکەی سەنگاو لەدایکبوم، لە ئۆردوگای شۆرش نیشتەجێم لە قەزای چەمچەماڵ، لە نێوان سلێمانی و کەرکوکدا، کە "شۆرش" ئۆردوگایەکی قوربانیدەرە لە ناوچەی گەرمیاندا دوای ناحیەی سمود (رزگاری) ئەم شوێنانە بەهۆی نزیکی سنوری جوگرافی لەحکومەتی عێراقیەوە گەورەترین زیانی بەرکەوتووە، لەم شوێنەی ئێمە نزیکەی (٣٠٠٠) کەس ئەنفال کراون لە زمنی شالاوی نەگریسی ئەنفالی سێ دا کە بەئەنفالی گەرمیان و ڕەش ناسراوە، من باوکم و (٣) برا و یەك خوشکم بەناوەکانی (زانا و دیاری و ئاری و ڤیان) وە پورێکم بەناوی (صبیحە مستەفا مەحمود) ئەنفال کراوە و زیندەبەچاڵن، دوای لەناوچونی باوکم و کەس و کارەکەم لە گەڵ خوشکێکم کە منداڵ بوو لەلای نەنکم و باپیرەم ماینەوە،دوای ماوەیەك ئەمانیش بەهۆی خەم و خەفەتەوە دڵیان تەقی و مردن، ئیتر ئێمە کەوتینە کولەمەرگی و لە بەردەرگای خەڵکیدا ئەماینەوە،بەنەهامەتی دەردو خەمەوە، بەبێ دایك و باوك گەورە بووین،خێزانەکەمان پەرتەوازە بوو،تائێستا دوو برای ترم هەیە دابڕاوین و نازانم کە کتو مت لەچ شارێکن،ئێمە تاساڵی (١٩٩٩) لەگرانیەکەشدا لە ئازارو برسیەتییەکی زۆردا بووین،لەکاتەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان هاوکارییەکی مانگانەی کەمی بۆ کەس و کاری ئەنفال دیاریکرد کە ئێستا زیاترو خزمەتگوزاری زیاتریشمان بۆ کراوە،ئێمە بەو برە پارە کەمە خانویەکمان بەکرێ گرت خۆم و خووشکەکەم،ئێستا من کاری وێنەگری ئەکەم وەکو لاوێك،وە شاعیرم،جگەلەمەش سەرپەرشتی ڕێکخراوی داکۆکیکردن لەکەس وکاری قوربانیانی ئەنفال ئەکەم.

داواو پێشنیاری من ئەوەیە کە ئەنفال وەکو تاوانێکی گەورە بەجینوساید بناسرێت لەدونیای دەرەوەو ئاستی نێودەوڵەتیدا،وە تاوانباران و ئەنجامدەرانی ئەنفال کەماون دادگایی بکرێن و سزای خۆیان وەربگرن،وە تەرم و رووفاتی ئەنفالەکان ئەوانەی کە نەهێراونەتەوە لە بیابانەکانی عەرعەرو نوگرەسەلمان خوارووی عێراق بیانهێننەوە بۆ باوەشی نیشتمانەکەیان .کە ئەوان لەکاتی خۆیدا زیندە بەچاڵکراون.

## وێنەی چوارەم: باوك و دوو مام و پورێکی بە پێنج مناڵەوە ئەنفالن.

من ناوم (سامان حەسیب فەتاح) ە، ساڵی (١٩٨٣) لە گوندی کانی مارانی سەر بەناحیەی "سەرقەڵا" ی قەزای کفری لە دایك بووم، باوکم نەماوەو ئەنفالە،لەو لادێ یەی کە ئێمەی لێبووین (١٠٣) کەسمان لێ ئەنفال کراوەو بێسەرو شوێنن، هەموو ناوەکانم لە لەلایە،جگە لە باوکم دوو مامم و پورێکم بە پێنج منداڵەوە ئەنفالن، ئێمە لە کولەمەرگی

و ناخۆشیەکی زۆردا ژیاوین و منداڵیمان بەسەر بردووە تا ئێستا، لەناوبردنی کەس وکارەکانی ئێمەو کورد بەگشتی بەبەڵگەوە هەیە و دادگای باڵای تاوانەکانی ئەنفال بە جینۆسایدی ناساندووە، غەدرێکی گەورە لە کورد و ژیانی ئێمە کراوە، داواکارم نەتەوە یەکگرتووەکان و مەحفەلی دەولی ئەنفال وەك جینوساید بناسێنن و بەتەنگ کوردەوە بێن،کە داخوازی ڕەوای هەیە، من ئێستا ڕووپێو (مساح) م ،خۆم خۆم گەورەکردووە بە کارکردن لەمنداڵیەوە،ئێستا لە قەزای کەلار دائەنیشم،خێزانم لەگەڵ کچە ئەنفالێکی ئامۆزامدا پێکەوە ناوە،تکام وایە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەك چۆن کاری باشی بۆ کەس و کاری ئەنفال کردووە کاری باشتریش بکەن،خوێندکارە بێباوکەکان بنێرنە دەرەوە تا توانایان زیاتر بکات و بخوێنن، چونکە ئێمە رابردوومان هەمووی زوڵم و خوێن ڕشتنمان بووە لەلایەن دوژمنەکانمانەوە، بەتایبەتی حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراقەوە،ئەوان بەهەموو شێوەیەك ویستیان ئێمە بسڕنەوە،لەو کاتەدا نەیانهێشت هاوار بکەین بۆ هیچ کەس و دەوڵەتێکیش تاوەکو بەتەنگمانەوە بێن،هەموو ڕێگەیەکیان لێگرتین،ئەمرۆ دونیا کراوەتەوە بۆیە دەنگمان ئەگەیەنین بە هەموو دەوڵەتێك و هەموو ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانی جیهان تا بەتەنگ هاوکاری کردنی میللەتی کوردەوە بێن تابتوانێت خۆی بینا بکات و کارەساتی وەهامان بەسەردا نەیاتەوە،چونکە مێژووی دوور و نزیکی ئێمە شاهیدە کە چییان لێکردووین.بۆئەوەی ستەم ڕەت بکەینەوە ئەبێت بەتەنگ یەکتریەوە بێین.

### وێنەی پێنجەم: خوشك و برایەك لەبرسا مردن

یەکێکە لەو کەسانەی کەخۆی بەدەم ئەنفالەکانەوە ڕۆیشتبوو،(جوامێر حەمە سەعید حەمە ساڵەح)،لەدایك بووی ساڵی (١٩٧٥) خۆی دەیگێڕێتەوە و ئەڵێت:

من مناڵبووم و تازە هەڵدەچووم ، لەقوتابخانەی سەرەتایی بووم، دوای ئەوەی بردمانیانە چەمچەماڵ و خستمانیانە سەیارەی عەسکەرییەوە بۆ (تۆبزاوە)،لەوێ باوکمیان لە ئێمە جیاکردەوە، هەموو گە نجەکانیان بەبەرچاومانەوە خستە سەیارەکەوەو بەلاّم جلەکانیان لەبەر داکەندن و ڕووتیان کردنەوە، گواستیانەوە نەمانزانی بۆ کوێیان ئەبەن، هەر ئەو جیاکردنەوەیە بوو ئیتر نەمانبینینەوە. تا ئێستاش کەسێك نییە بەسۆراغیان بزانێت.

شەوێکیان ئێمەیان لەدایکمان جیاکردەوە و ئەوەی کەهەراش بوو بردیان، من هەرچەندە (١٣) ساڵان بووم، بەلاّم بەبالاّ بچووك بووم نەمیانبرد، ئێمەیان بردە نوگرە سەلمان، لە هۆڵێکدا دایاننناین، بۆمان هەبوو لەهۆڵەکانیش بچینە دەرەوە، ئێمە مناڵبووین سەرمان ئەکرد بەهەموو کونێکاو خەبەرمان بۆگەورەکان و پیرەکانی خۆمان ئەبردەوە. ئێمە ئاشکرامان کرد کە مردووەکانمان ئەدەنە (سەگە ڕەشەکان)، کۆمەڵێ سەگی زۆر گەورەو دڕبوون، لەدەرەوەی هۆڵەکان، هەریەکێك بمردایە تەرمەکەیان ئەخستە بەردەم سەگەکان. سەرەتا کەم دەمرد، هەریەك و دوو سەگەکان هەڵیان ئەدڕی و هەر ئێسکەکەیان ئەهێشتەوە. بەلاّم دوایی مردوو ئەوەندە زۆربوو سەگەکانیش لێی بێزاربوون.

لەژێر هۆڵەکاندا هەموو ژوور بوو قفڵی لێدرابوو، ڕۆژێ من کۆمەڵێ مناڵ بووین ویستمان قفڵی یەکێ لەو ژوورانە بشکێنین، کە لەتەنیشت ئاودەستەکانەوە بوو تاوەکو ئەویش بکەین بە ئاودەست. کە شکانمان کابرایەکی ڕیش درێژ

بەزنجیر بەسترابۆیەوە، بەڵام هەردووکیان ڕۆحیان لەبەر نەمابوو، نەمانزانی چی بوو، ڕامانکردەوە هۆڵەکەو بۆ ئەوا نمان باسکرد، ترساین، لەوە دەچوو هەموو ژوورەکانی تریش شتی وایان تیا بووبێ...؟!.تادەهات ئەوان ئێمەیان برسی تر دەکرد، خوشکێکم و برایەکم لەبرسا مردن، دواى ماوەیەکی زۆر ئێمەیان جیاکردەوە بەڵام هەر بەرووح زیندوو بووین، هاوردمانیانەوە بۆ کەرکوك و دواتر بۆ چەمچەماڵ و لەوێ بەریاندااین. وتیان عافوات دراوە، بەڵام لە پاش چی زۆربەیان مردن، ئەوانەشی جیایان کردنەوە تا ئێستا ئەگەر بەمردوویش بێت چاوەڕوانیان ئەکەین بێنەوە.

## بەشی سێهەم: ئەنفال و ئاڕاستەیەکی نێو دەوڵەتی.

### وێستگەی یەکەم: ئەنفال و باسی جینۆساید.

گشت لایەك، تائێستا کۆکن لەسەر ئەوەی کە بەهەموو مانایەك ئەنفال جینۆسایدە، پەرلەمانی عێراقیش لە (٩/١٠/٢٠٠٨) پێناسەی تاوانی ئەنفالی بەجینۆساید کردووە، ئەمە جگە لەوەی دادگای بالآی تاوانەکانی عێراقیش ئەنفالی بە جینۆ ساید ناساندووە. (هاوکات ئەم پرۆژەیە دەقی بڕیارەکەی دادگای بالآی تاوانەکانی عێراق و پەرلەمانیش هاوپێچ کراوە وەکو بەڵگەنامەیەك). هەروەها پەرلەمانی عێراق یاسای قەرەبووکردنەوەی ئەنفال و زیانەکانی دەرکردووە، بەلآم لە ئێستادا مقۆ مقۆکە لەسەر ئەوەیە کە ئەم قەرەبووە زۆر کەمەو لەئاستی تاوانەکەدا نییە، تاییەت و پەیوەند بەم باسەش پرۆفیسۆر "مایکلْ کیڵی" سەرۆکی پەیمانگای لێکۆڵینەوەی دەستوری لە ئەمریکا پێی وایە: دروست کردنی دادگای بالآی تاوانەکان بۆ عێراق زۆر لاوازە، دەبوایە دادگایەکی نێودەوڵەتی بووایە، لەبەرئەوەی ڕژێمی سەددام تاوانێکی نێو دەوڵەتی کردووە، نەك تاوانێکی لۆکالّی، دادگای عێراق بەهیچ شێوەیەك لەدادگاییکردنی تاوانەکانی جینۆسایدی جیهانی بەشداری نەکردووە. لەبەر ئەوە ئەو تاوانە دەرهەق بەهەموو جیهان کراوە، نەك تەنها بەرامبەر بەکورد، " کیڵی" بەردەوامەو ئەڵێت: دەبووایە نەتەوە یەکگرتووەکان دادگایەکی تایبەتی بۆ قەزیەی جینۆساید لەعێراقدا درووست بکردایە، داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە نا یاسایی بوو، بۆیە (UN) نەیویست لەعێراق دادگایەکی لەو شێوەیە دروست بکات، بۆ قەرەبوو کردنەوەی ئەوە دادگای بالآی تاوانەکانی لەعێراق دروستکرد.

ئەوەتا هەرخۆی "مایکلْ کیڵی" ئەڵێت: مەترسیدارترین شت ئەوە بوو سەدام لەسەر دوجەیل لە سێدارە درا، بەو هۆیەوە سەدام لەسەر دۆسیەی ئەنفال تاوانبار نە کرا.

دیارە بۆ یەکەم جار نوسەرو یاسانـاسی پۆڵەندی ڕافایل لیمکین "Raphal Lemkin"[٣] ساڵی (١٩٣٢) لە کۆنفرانسێکدا لە مەدرید ووشەی جینۆسایدی بەکارهێناوە و بەنوسینیش ساڵی (١٩٤٤) تۆماری کردووە، کە بەمانای فەوتاندنی ڕەگەز دێت.

دکتۆر "مارف عومەر گول" پسپۆڕ لەم بوارەو یاسای گشتی نێودەوڵەتیدا، لەکتێبەکەی (بارودۆخی کورد لەچەند بابەتێکی یاسای نێودەوڵەتاندا)، چوار جۆری لە شێوەکانی جینۆسایدی باس کردووە: جینۆسایدی فیزیکی (بەدەنی-

جەستەیی )، ، جینۆسایدی ئابوری، جینۆسایدی بیۆلۆژی، ، جینۆسایدی کەلتوری. .کە بەهەموو ئەم مانایانە ڕژێمی بەعس کاری بۆ فەوتاندنی گەلی کورد کردووە.

ئەگەر بەتەنها نمونە لە جینۆسایدی فیزیکی وەربگرین، ئەوا لێرەدا بەگوێرەی بەڵگەنامەیەکی ڕەسمی ڕژێم کە ئێمە وەك خۆی دەیکەینە شایەت بۆ کوشتاری بەکۆمەڵ ئەویش : بەڵگەنامەی نهێنی بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی سلێمانی ژمارە ( ٢٥١٦٣ ) لە ( ١٩٨٨/١٠/٢٩ ) دا بۆ بەڕێوەبەری ئەمنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی، ڕوونی دەکاتەوە، بەگوێرەی قسەکردنێکی تەلەفۆنی ئەم کارانە ئەنجام دراون :

١- نۆ تاوانبار، بەگوێرەی بڕیاری ( نوسینگەی ڕێکخستنی باکور ) ئیعدام کراون.
٢- نۆزدە گوناهبار، لەبەرئەوەی لە دێهاتە قەدەغەکراوەکاندا بوون، بەگوێرەی بروسکەی ( ئاسایشی ڕێکخستنی باکوور ) ژمارە ( ٤٠٠٨ ) لە ( ١٩٨٧/٦/٢٠ ) دا ئیعدام کراون.
٣- فەرمانی ئیعدام کردنی ( ٤٧ ) چل و حەوت گوناهبار لە ( سەرۆکایەتی دادگای شۆڕشەوە ) دەرچووە.
٤- دوو هەزار و پێنج سەدو سی و دوو کەس و ( ٨٦٩،١ ) هەزارو هەشت سەدو نۆ خێزان کە ژمارەیان ( ٩،٠٣٠ ) نۆ هەزارو سی کەس بوون، لەکاتی ئەنفالەکاندا دەستگیرکراون و ڕەوانەی ئۆردوگای سەربازی کراون لە پارێزگای تەئمیم.

بۆ زانیاری زیاتر خوێنەر ئەتوانێت بڕوانێتە ( بەڵگەنامەی ( UN )، ئەنجومەنی ئابوری و کۆمەڵایەتی ژمارە ( E/cn.٤/١٩٩٢/٣١.p.٧٢ ) هەروەها بەڵگەنامەی ئەنجومەنی ئاسایش لە یوئێن ( UN ) .

ئەوەی کە پێویستە بوترێت، ڕۆژی ( ١٩٤٨/١٢/٩ ) لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان پەیماننامەی بەربەندکردنی جینۆساید و سزا خستنە سەر تاوانکارانی جینۆساید بلاوکرایەوە، ڕۆژی دوای ئیمزاکردن لەسەر ئەو پەیماننامەیە ، واتە لە ( ١٩٤٨/١٢/١٠ ) هەر لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان جاڕی گەردونی مافەکانی مرۆڤ بلاوکرایەوە، بلاوکردنەوەی ئەم دوو بەڵگەنامە گرنگە یەك لەدوای یەك ئەوە دەگەیەنێت کە دەوڵەتانی دونیا بەهۆی کارەساتەکانی جەنگەوە چەند مەترسی یەخەی گرتوون. ئاشتی و ئاسایشی مرۆڤایەتی گەیشتۆتە ئاستێکی سەخت و ئالۆز.

لەساڵی ( ٢٠٠٢ ) شدا ، دادگای لاهای دروست بووە. ئەم دادگایە لەو تاوانانە دەکۆڵێتەوە کە لەدوای ساڵی ( ٢٠٠٢ ) وە ڕوودەدەن، کارەسات و تاوانی ئەنفالیش پێش ئەنفال ڕوویداوە...کەواتە نایبینێت...بۆ ئەم هاوکێشەیە یان ئەم گرفتە پەیوەندیمان کرد بەناوەندی "چاك" ەوەکەتایبە تمەندن بەئەنفال و جینۆساید و زیاتر کارەکانیان لەدەرەوە ئەنجام ئەدەن. .( عومەر قادر ) پێی ووتین: ڕاستە ئەمە وایە، بەلام خۆ تاوانی جینۆساید تایبەتمەندی یان خەسڵەتێکی هەیە ئەویش بەتێپەڕبوونی کات دۆسیەکە داناخات، با ئەو دادگایە ساڵی ( ٢٠٠٢ ) دامەزرابێت و دۆسیەی دوای خۆیشی ببینێت، بۆنمونە تاوانێکی جیهانی کە کوشتنی ( تاك ) بێت دوای ( ٢٥ ) ساڵ کەس بۆی نییە داوای بکات، بەلام تاوانی جینۆساید ئەم ڕێگرییەی لەبەردەما نییە، لە لایەکی تریشەوە ژمارەی قوربانی لێرە نابێتە پێوەر، بەڵکو تەنها نیازەکە ( النیة ) ەکە بەسە بۆئەوەی بڵێین جینۆسایدە.

## وێستگەی دووەم: لە سۆز و گریانەوە بۆ کێشەیەکی سیاسی و یاسایی

حکومەتی هەرێم ئەبێت بە خێرایی و بەجدیی کار لەسەر ئەم بابەتە بکات، حکومەتی هەرێم لەڕێگەی ئەو نوێنەرایەتیانەی هەیەتی لە ئاستی دیپلۆماسیدا دەبێت هەوڵی بۆ بدات. لەم ڕووەوە "د: سالار باسیرە" پێی وایە: دەبێت پارێزەری شارەزا لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بگیرێت تا ئەو کۆمپانیا ئەڵمانیانەی چەکی کیمیاوییان بە صەدام حوسێن فرۆشتووە دادگایی بکرێن و سەرا پا کێشەی ئەنفال بکەنە کێشەیەکی سیاسی و کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی بۆ ببەسترێت. هەتا ئێستا بەشێوەیەکی فەرمی ئە نجام نەدراوە، ئەوەی کراوە لەسەر ئاستی ڕێکخراوە کوردییەکانی دەرەوەی دەسەلآت بووە. ئەگەر ئەمەش لەم ئان و ساتەدا نەکرێت ئەوا ڕای گشتی و شەقامی کوردی بابەتی بەسیاسی نەکردن و بە جینۆساید نە ناساندنی ئەنفال لەسەر ئاستی دەرەوەدا ئەخەنە ئەستۆی دەسەلآتی کوردی و هەردوو حزبی دەسەلآتدار.

لەکاتێکدا بە پێی دەستوری عێراق، هەرێمی کوردستان بۆی هەیە لە بالیۆزخانەکانی عێراق نوسینگە بکاتەوە بەلآم نایکاتەوە.... بەڕای "باسیرە" بوونی ئەم نوسینگانە کاریگەرییەکی گەورەتری دەبێت بۆ کورد لەڕووی یاسای نێو دەوڵەتیەوە. وەلێ ئێمەش (وەك توێژەر) پێمان وایە حکومەتی هەرێم لەڕێگەی ئەو خوێندکارانەی کە دەنێررێنە دەرەوە یان لەدەرەوەن لەچوارچێوەی پرۆژەی تواناسازی خوێندنی بالآدا ئەکرێت هانیان بدەن کە باس و لێکۆڵینەوەکانیان سەبارەت بەئەنفال و جینۆساید بێت. ئەکرێت ئەنفال بکەین بە پرۆژەیەکی گەورە بۆ ئاسایشی نەتەوەییمان. وە کاریش بۆئەوە بکرێت کە لەسەر ئاستی عێراقیش حکومەتی عێراق داوای لێبوردن لەگەلی کورد بکات.

## وێستگەی سێهەم: کـــوردو ئاستی نێودەوڵەتی

باشوری کوردستان (باکوری عێراق) بەخۆی و کۆمەڵگەکەی و حکومەتی هەرێمەکەیەوە بەشێوەیەکی گشتی لە دوای پرۆسەی ئازادی (٢٠٠٣) ەوە، کرانەوەیەکی سیاسی و ئابوری و کۆمەلأیەتی باشی بەخۆیەوە دی، نوێنەرایەتی و سەفارەتی دەیان وڵاتی جیهان لەکوردستان هەیە، نوسینگەو بارەگای نەتەوەیەکگرتووەکانیشی لێیە.. پەیوەندیەکی دیبلۆماسی تایبەت بەخۆی لەئاستی دەرەوەدا هەیە..هەروەك مێژوو کلتورو بیروباوەڕێکی خۆیشی هەیە لەگەڵ جوگرافیایەکی پەرت پەرتکراوی کوردستانی گەورەدا.

شارەزایان لایان وایە تا گرفتی کورد لەناوچەکەدا چارەسەر نەکرێت کێشەکانی ڕۆژهەلأتی ناوەڕاست بەهەڵواسراوی ئەمێننەوە، هەروەك بەجدی گرفتێکی دیاری ناوچەکەشە.بۆیە پێویستی بەکارتێکە تا ئایندەی خۆی پێ بدۆزێتەوە، پەیوەند بەمە دکتۆر "سالار باسیرە" کە دکتۆراکەی سەبارەت بەسیستەمی سیاسی ڕژێمی بەعسە بۆ ئەم باسەمان نمونەی یەهودییەکان دەهێنێتەوەو ئەڵێت: سەبارەت بە کوشتنی بەکۆمەڵی یەهودییەکان لەلایەن نازییەکانی ئەڵمانەوە بەسەدان فیلم و ڕاپۆرتی بەڵگەنامەو شانۆو ڕۆمان و کۆنفرانسی بەخۆیەوە گرتووە، یەهودییەکان منداڵەکانیان و نەوەی نوێ بەشێوەیەك پەروەردە ئەکەن هەروەك ئەم کارەساتە ئەمڕۆکە ڕووی دابێت، یەهودییەکان هەتا ئێستاش لەسەر جینۆساید ئەژین و لەسۆزو بەزەییەوە گۆڕیویانە بۆ ئاستێکی سیاسی و نێودەوڵەتی و یاسایی و سوودیشیان لێ وەرگرتووە. پێویستە کوردیش وابکات.

مەسەلەی کورد، لەدوای بەهاری عەرەبیەوە، هەنگاوی ناوە بۆ قۆناغێکی پێشکەوتووتر، لە دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلولی (١٩٧٥) و، لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی بیستەمدا، قسەکە ئەوە بو: ئایا کورد ئەمێنێت یان نامێنێت؟. ئێستا پرسیارەکە گەیشتوە بەوەی ئایا کورد ئەبێت بە دەوڵەت یان نا..!. ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ ڕووداوە گەورەکانی ناوچەکە، وەکو: بەهاری عەرەبی، شەڕی تیرۆریزم لە عێراق و سوریا لەدوای (٢٠١٣) ەوە.. هەروەها خێرا گەیشتن بە بەڕای گشتی بەهۆی ئامرازەکانی سۆشیال میدیاو میدیای ئەلیکترۆنی بەگشتی.

لە ڕووی ئابورییەوە، لەدوای ساڵی (٢٠٠٦) ەوە، نەوتی کوردستان، ئەوسا غازی سروشتی ئەم ناوچەیە، لەلایەن (٢٧) کۆمپانیای فرە ڕەگەزی زەبەلاحەوە، لە (٢٧) دەوڵەتی ئەم جیهانە، (٥٢) گرێبەستی بەشداری و بەرهەمهێنانیان لەگەڵ کراوە. ئەمەش هەرێمی وا لێکردووە بیر لە بازاڕیکردنی ووزە بکاتەوەو، قووڵتر بچێتە دونیاوەو، ناوچەکەش بخاتە بەردەم دیفاکتۆی سەربەخۆیی سیاسیی و ئابوریی.. بەڵام ئەم پرۆسانە بێ تەڵەزگەو مەترسیی گەورە نین، یەك لەوانە: هێشتا کوردەکان لە دوای کارەساتی ئەنفالەوە نەیانتوانی خۆیان کۆبکەنەوە، بە پێچەوانەوە بەربونە گیانی یەکتر و شەڕی ناوخۆییان کرد، دواتریش لەبری بونیادنانی ژێرخانی ئابوریی پتەو و، دامەزراوەی لیبراڵ و، سەرپێخستنی نەوەکانی دوای ئەنفال و پێگەیاندنیان، دەستیان کرد بە دانانی پالأوگەی نەوتیی کەسیی و حزبی و، گروپی مافیایی و چاوچنۆکی سیاسیی یان بەردایە گیانی خەڵکی ناوچە ئەنفال نشینەکانی وەك: کەرکوك و گەرمیان بەگشتی..بۆیە مەسەلەی بە نێودەوڵەتی کردنی پرسێکی وەك ئەنفال، بەلای

کەمی پێویستی بە دامەزراوەکردنی خودی ئەنفال خۆیەتی لەلایەن سیستەمێکی کوالێتی بەرزەوە، کوردەکانیش هێشتا کوالێتی سیستەمەکەیان زۆر نزم و لەدوایە.

## وێستگەی چوارەم: میکانیزمەکانی گەیشتن بە نەتەوە یەکگرتوەکان

ئالیەتەکان بۆ بەنێو دەوڵەتی کردنی کەیسی ئەنفال ئەوەیە تەنها حکومەتی عێراقی بێتە سەرخەت و هاوکار بێت، لەم قۆناغەشدا پەرلەمان لەهەنگاوی یەکەمیدا لەگەڵ دادگای باڵای تاوانەکان مەسەلەی ئەنفالیان بەکۆمەڵکوژ و جینۆساید ناوزەندکردووە، ئەمە هەنگاوێکی گەورەو باوەڕپێکراوە وەکو لایەنە یاسایی یەکەو لەئاستی نێودەوڵەتیشدا ئەمە لەمەولا نکۆڵی ناکرێت، بۆیە ئەبێت فشار بخەینە سەر پەرلەمان و حکومەتی عێراقی کەئەمە بباتە نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەمە تاکە ڕێگەیە و ئەبێت پەرلەمانی کوردستانیش داواکارو مودەعی بێت لەگەڵیدا، چونکە عێراق دەوڵەتێکی نەوتی و ئابورییە، دەوڵەتانی دونیا پێویستیان بەعێراق ئەبێت، ئەگەر ئەم کەیسە لەڕێگەی حکومەتی عێراقیەوە بجوڵێنرێت لەمەڕ بەجینۆسایدناساندن و قەرەبووکردنەوە لەئاستی نێو دەوڵەتی و ( UN ) دا ئەوا سەرئەگرێت.

بۆ پرۆژەی " گەیاندنی کەیسی ئەنفال بە نەتەوە یەکگرتوەکان"، ئەگەر ئەم دادگایەو نەتەوە یەکگرتووەکان نەیەنە پیری ئەم کەیسەی ئەنفالەوە، ئەوا یەك ووتەی زۆر جوانی ڕافایل لیمکین هەیە کە دەرهەق بەبەدواداچوونی بۆ مەسەلەی ئەرمەنەکان ووتویەتی: ( <u>بۆچی لە شارێکدا لەدادگایەك زیاتر هەیە بۆ لێپرسینەوە لە کوشتن یان لەناوبردنی تاقە کەسێك، بەڵام لەهەموو جیهاندا دادگایەك نییە بۆ لێپرسینەوە لە لەناوبردن و ڕیشەکێش کردنی نەتەوەیەك یان گەلێك</u> ). گەلی کوردیش بۆ کۆن نەبوونی ئەم هەقەو لەبیرمانەوەی ئەم کارەساتە پێویستە ئەنفال بخاتە نێو کتێب و بەرنامەی خوێندنی قوتابخانەو زانکۆکانەوە..چەندین سەنتەری چارەسەری دەروونی و ڕۆحی لەناوچەکانی ئەنفالدا دروست بکات..بەڵکو پێویستە مۆزەخانەی تایبەت بەئەنفال نەك لەکوردستان بەڵکو لەبەغدا و ناوچەکەو جیهاندا بکاتەوەو هەوڵی بۆبدات.. تا نەوەکانی داهاتوومانیش لەم تراژیدیایە تێبگەن و میوانانی بیانیش ببینن.

بەگشتی، ئالیەتەکانی گەیشتنی ئەنفال بۆ سەر شانۆی نێودەوڵەتی، پشت ئەبەستێتە سەر دوو هۆکار:

یەکەم: بە دامەزراوەکردنی ئەنفال و دکیۆمێنت کردنی لەناووەوە، چوارچێوەی تیۆریی و یاسایی و سیاسیی بۆ دروست بکرێت ( ئەم پرۆژەیەی ئێمە هەوڵیداوە ئەوە بکات )

دووەم: خوێندنەوە کردن بۆ بارودۆخی ئێستای جیهانی و، سیستەمی نێودەوڵەتی. کە لەم قۆناغەدا، یەکەکەکان لە پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان ( الوحدات فى العلاقات الدوليه- Unit and Subunit in International relations ). ئەم یەکانە ئێستا هەمە چەشن، ئەکرێت: تاك بێت، گروپ بێت، کۆمپانیای فرە ڕەگەز بێت، ڕێکخراوی حکومی و نا حکومی ناوخۆیی یان هەرێمی بن، یاخود دەوڵەت بێت. وە یان دامەزراوەی توێژینەوەو ئاکادیمیی بێت.

## وێستگەی پێنجەم: سـكالاٚ وپیێشنیـارەكـان

١- ئەنفال، ئۆپراسیۆنێكی عەمدی و نەخشەبۆ كێشراوبوو بۆ گۆڕینی ناسنامەی نەتەوەیی گەلی كورد، بۆیە داوا لەرێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان ئەكەین مەسەلەی ئەنفال بەجینۆساید بناسێنێت.

٢- نەتەوە یەكگرتووەكان وەك چۆن كاری كرد بۆ ئەوەی قەرەبوو ( تەعویز ) ی كوەیت بكرێتەوە، ئاوهاش پێویستە سەبارەت بە دۆزی كورد قسەی خۆی هەبێت.

٣- ئەبێت چ دەسەلاٚتی كوردی، وەچ نەتەوە یەكگرتووەكان و ئاراو دادگاكانی تایبەت بەم باسە داوا لەحكومەتی عێراقی بكەن و فشاری بخەنە سەر تاوەكو شوێنی ئەو ئەنفالكراوانە بزانن و چیان بەسەرهات..؟. تا بەتەواوی هەموو شتەكان ئاشكرابێت.

٤- نەتەوە یەكگرتووەكان دادگایەكی نێودەوڵەتی دروست بكات بۆ قەزیەی ئەنفال. تا بەتەواوی لێكۆڵینەوە لەو دۆسیەیە بكرێت و بزانرێت لەسەرچی وا بەكوردەكان ئەكرێت، تاوەكو مافەكانی خۆی وەربگرێتەوە.

٥- گشت ئەو كۆمپانیاو ولاٚت و لایەنانەی كە هاوكاری رژێمی بەعس و سەدام حوسێن بوون لە فرۆشتنی چەكی قەدەغەكراوی كیمیایی و هەر بۆمبێكی تر،بەهەر شێوەیەك بووبێت،دەست نیشان بكرێن و لەبەردەم یاسادا حوكمی خۆیان وەربگرن و، مافیش بۆ كوردەكان بگێڕنەوە.

## پەراوێزەکان:

- پرۆژەکە، بەشێوەی مەیدانی چاوپێکەوتنی کورتی دەنگ و ڕەنگ، لەگەڵ سێ نەوەی بە جێماو لەدوای شاڵاوەکانی ئەنفال کردووە، هەروەها دیدار لەگەڵ هەریەکە لە ناوەندی چاك و پرۆفیسۆر سالار باسیرە.
- پرۆژەکە سوودی لە دەقی بڕیارەکانی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق و، بڕیاری بە جینۆساید ناساندنی ئەنفال و گازبارانی هەڵەبجە، وەرگرتووە، کە خۆی لە ( ١٠٧٥ ) لا پەڕەدا ئەبینێتەوە، بەرواری ( ٢٠٠٧/٦/٢٤ ) دەرکراوە.
- پرۆژەکە شێرەی لە بڕیاری پەرلەمانی عێراق، بۆ بەجینۆساید ناساندنی کەیسی ئەنفال وەرگرتووە.
- پرۆژەکە سوودی لە ڕا پۆرتی وردبینی کراوی ناوەندی چاك- لقی بادینان وەرگرتوە لە ( ٢٠٠٦/٩/٢٠ ) بۆ دادگای باڵای تاوانەکان بە فەرمی نێردراوە.
- ئەو دۆکیۆمێنتانەی کە لەدوای ڕووخانی حکومەتی بەعس لە عێراق ( ٢٠٠٣ ) دەست کوردو لایەنەکان کەوتون.
- گۆڤاری ئەنفالستان ( ساڵنامەیەکی تایبەت بە ئەنفال و جینۆساید ). ژمارە ( ١١و ١٢ ).www.anfalistan.com

به زمانی ئینگلیزیی پرۆژەکە سوودی لەم سەرچاوانە وەرگرتووەو یاداشتیشی کردون:


- Maggy Zanger (2002): Refugees in their own country, Anfal (N.2), P55-60.
- Maarf Omer Gull (2002). Anfal, A stage of practicing genocide, Anuual Anfal Magazine, N.2. P.42-54.
- The Center of Halabje against Anfalization and Genocide of the Kurds( Chak), The Iraqi State’s genocide against the Kurds. Feb,2007.
- Iraq’s crime of genocide’ by Human Rights Watch 1994, p.266 – 268